# نه یەکگرتوو نه هاوپەیمان.. قەت نابن به نوێنەرمان!

## له پەراوێزی دروشمی دژی "گەندەڵی" یەکگرتوودا

zaryak@yahoo.com سامان کەریم

دروشمی "نه یەکگرتوو نه هاوپەیمان، قەت نابن به نوێنەرمان" قسەی نێو لاوانو خوێندکارانی کوردستانه. ئێستا هێزه سیاسیەکانی عێراقو لەوانه هێزه کوردیو ئیسلامیەکان، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەناو هەڵبژاردنی داهاتوو که بڕیاره له 12/15 /2005دا ئەنجام بدرێت له کوردستان هەموو حزبه کوردییەکان لەگەل کۆمەلی ئیسلامیدا هاوپەیمانییەکیان پێکهێناوەو یەکگرتووی ئیسلامی به لیستی جیا دابەزیوه....
ئەم مەسەلەیه واته دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامی به لیستی جیا بۆته مەسەلەو کراوەته قەزیەیەکی گەورەو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان به شێوەی جیاواز باسی لێدەکەن. دیاره هەر یەك لەم هێزانه بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی ڕاگەیاندوه، که تەوەرەی سەرەکی هەردوو لایەن جێبەجێکردنی ماددەی 58و گێڕانەوەی خانەقینو شەنگارو... بۆ سەر هەرێمی کوردستان، باسی یەکگرتووی ئیسلامی باسی "گەندەڵیه" له بەرانبەر لیستی 730دا، بەلام باسی 730 یان یەکێتیو پارتی له بەرانبەر یەکگرتوودا باسه له "پشت کردنه دۆزی نەتەوەو"و باسی "نەبون له خەباتی شاخو.." باسەکانی هەردولا کلۆلیو زەلیلی تێدایه. بەلام لەم وتارەدا نایەمه سەر گەندەلی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد، ئەمه واقعیەتێکەو هەموو کەس له کوردستان دەیزانێتو "خوا"هەڵناگرێت خۆشیان هاواریان لێهەستاوه! من به دیاریکراوی باسەکەم پەیوەند دەکەم به دۆزی لاوانی کوردستانو خواستو خەباتی ئەوانو دروشمی یەکگرتووی ئیسلامی له مەڕ "دژی گەندەڵی"...

### *"ڕۆژی 12/15، هەڵبژاردن له گۆڕێ نیه !

بەناو "هەڵبژاردنی" داهاتوو، وەك بەناو هەڵبژاردنو ریفراندۆمی پێشوو، حەلقەیەکه له زنجیرەی سیاسەتی ئەمەریکا له عێراقدا، بڕیاره بەم به ناو هەڵبژاردنه کۆتایی به دەورەی بریمەری بێت، دەورەیەك که لەسەرەتای داگیرکاریو مەجلیسی حوکمەوه دەست پێدەکاتو به جێبەجێکردنی دواین خاڵەکانی "یاسای قوناغی گواستنەوه" که بەناو هەڵبژاردنی داهاتوو بڕیاره ئەم ئامانجه بپێکێت، ئەم قوناغه تەواو دەبێت. قوناغێك بەلام، ئامانج نا پێکێت، نه دەوڵەتێك پێکهاتوه وه نه پیك دێت که لەسەر بنەمای دەستورو یاساو موئەسەسات کاربکات، وه نه دەتوانێت وولاتێك بهێنێته دەرەوه که لایەنی کەم ئارامیو ئەمنیەت دابین بکاتو وەلامی دابێتەوه به کێشه سەرەکیەکانی ئەمڕۆی عێراق له کێشەی خەڵکی کوردستانەوه بگره تاکو دەگاته کیشەی تائیفیو.... بگره دەوڵەتێك پێکهاتوه که له نێو خۆیدا چەندین ئاراستەی دژ بەیەك کار دەکات، دەوڵەتێك بەپێی چەمکی تەوافق، تاسەر کێبەرکێی نەتەوەییو تائیفی قوڵکردۆتەوەو بەرەوی پێداوەو کردویەتیه بەندی دەستوری...
بەم پێیه "بەناو هەڵبژاردنی داهاتوو" پرۆسەیەکه بۆ دابەشکردنی سەروەتو سامانی کۆمەڵگاو زەویو زاری عێراق بەسەر لایەنه بەشداربوەکاندا. پرۆسەیەکه که تیایدا شەریکەکەکان هەریەکەیان له کۆمپانیای عێراقدا بەشه سەهمی خۆیان دەبەن بەپێی هێز هاوسەنگی نێوانیان له هەلومەرجی ئەمڕۆداو لەسایەی چەتری ئەمەریکادا، هەڵبژاردنێکه بۆ به پەنجه مۆرکردنی خەڵکی بێدەرەتانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی گەندەڵیو دەسەلاتی گەندەڵی .... بۆ به ناو هەڵبژاردن؟ چونکه هیچ مەرجێکی هەلبژاردنی تیدانیه، چونکه له بەصرەوه تاکو بەغدا لەلایەن ئیسلامی سیاسیو میلیشاکانی بەدرو صەدرەوه مۆنۆپۆلکراوەو خۆ ئەگەر بانگهێشەی هەڵبژاردنیش بکەیت، ئەوا چارەنوس وەکو حزبی شیوعی عێراقی لێدێت له مەدینەی سەورەی بەغدا... لەکوردستانیش ئەگەرچی هەلومەرجەکه ئاوەلاتره، بەلام هێشتا بەراورد ناکرێت لەگەل هەلومەرجیکی ئازاد دا که لایەنەکان بانگهێشەی هەڵبژاردن بکەن بەشێوەیەکی ئازادانه، زاڵبونی میلیشیاییو یاساو ڕێسای میلیشایی له کوردستاندا تاسەر ئێسقان دەسەلاتداره، ئەمه بەجیا لەوەی که تەزویرات له هەموو پرسەکانی پێشودا، لەجیاتی حاڵەت بێت، عادەت بوه....
پێم وابیت تەنها دووخاڵی وا بەسه بۆ ئەوەی هەر پرۆسەیەکی "هەلبژاردن" بکاته کاریکاتۆرو مایه پوچ دەربیکات. بەلام سەرەڕای هەموو ئەوانه، ئەم پرۆسانەو هێنانو بردنی خەڵکه هیچ ئەنجامێکی لێناکەێتەوه، هەلومەرجەکه هیچ ناگۆرێتو بگره خراپتری دەکات. ئەوەتا یەکێتیوپارتی تەوافقیان هەیه لەگەل ئیسلامی سیاسی شیعی، پێکەوه حکومەتیان بەدەسته، سەرەرای ئەوه دەستور بڕیاری داوه که "کێشەی کەرکوك" تاکو 2007 له ڕوانگەی خۆیانەوه، چارەسەر بکرێت، بەلام به ئاشکرا جەعفەری هیچ هەنگاوێك نانێتو دەیانو بگره سەدان نمونەی تر، حکومەتی ئێستای عێراق له ئیدارەی یەکگرتووی پارتیو یەکێتی دەچێت که هیچ جێگریك نامەی وەزیرەکەو سەرۆکەکەی نەدەخوێندەوەو بەم هێزانەی که ئێستا پێشبرکێی هەڵبژاردن دەکەن له وه باشتر دەرناچێت..

## *سیاسەتی یەکگرتووی ئیسلامی !

یەکگرتوی ئیسلامی، وەك هێزێك لە کوردستاندا، جگە لە ئابلوقەی ئابوریو برسیەتی خەڵكو لەگەڵیدا شەڕی ناوخۆ، هیچ زەمینەیەکی تری نەبوو، تەنانەت گۆڕینی لە ڕیکخراوێکی "بەخشینەوەی ئیسلامیەوە" بۆ حزب پرۆسەیەکی چاوەڕوانیو گومان بوو تەنانەت لەلایەن سەرکردەکانیەوە. بەڵام برسیەتی خەڵكو قوڵبونەوەی شەڕی ناوخۆو ئەو دوو سەکۆیە بون کە یەکگرتوی کردە حزبو توانایەکی جەماوەری پێبەخشی. برسیەتی خەڵكو پارەو پولی وولاتانی خەلیجو سەرچاوە نادیارەکانی دیکەی ئیمکاناتی مالی، توانایەکی زەبەلاحی بەخشیە یەکگرتوو، کە ئەویش لێزانانە ئەم ئیمکاناتانەی بەگەر خست لە پێناو بەهێزکردنی خۆیو کڕینی برسیەتیو ئاخو ناڵەی خەلکی کوردستانو بەپێی ئەم بناغەیە هەستا بە دابەشکردنی خواردنو کۆمەکی مانگانەو بەخشینەوە حیجاب بە موچەی مانگانەوە لەلایەكو کردنەوەی مزگەوتەکانو کۆرسە نیهێنیو ئاشکراکانی وانەی ئاینی لە مزگەوتو ماڵەکانداو لەلایەکی دیکەوەو هەروەها سود وەرگرتن لە یەکیتیو پارتیو کەلێنێکی گەورە کە لەشەڕی نێوخۆدا دروست بوو، پرۆسەی پێگەیاندنی یەکگرتویی ئیسلامی پێکدەهێنن لەکوردستان تاکو ساڵی 2003 واتە تاکو ڕوخانی حکومەتی بەعس. بەڵام لەگەل ڕوخانی حکومەتدا وەك هەر حزبیکی دیکەی ئیسلامی، بوارو مەیدانی مناوەرەی ئەم هێزانە فراوانتر بونەوەو زەمینەیەکی فراوانتریان بۆ خولقا کە بواری کایەی سیاسیان فراوانتر بکەن بەتایبەت لە بەناو هەڵبژاردنی داهاتوودا، هێزە ئیسلامیەیە سوننیەکان بە گوڕو تینێکی بەهیزترەوە هاتونەتە مەیدانی کێبەرکێی سیاسی کە کۆمەك دەکات بە پۆزلێدانی زیاتری یەکگرتوویی ئیسلامی لە کوردستان لە بەرانبەر هیزەکانی ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتداریتی کورد لە کوردستان بەتایبەت کە هاتنە مەیدانی هێزە ئیسلامی سونیەکان لە لایەن ئەمەریکاوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری لێدەکرێتو هەروەها لەکۆمەکی کۆماری عەرەبی بەهرەمەندە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە یەکگرتوو دەیەوێت بە هێزو پشتیوانی ئیسلامی سیاسی سوننیو تەنانەت لەسایەی هەڕەشەی ئیسلامی سیاسیدا بەگشتی، پێگەی خۆی لە کوردستانداو لە بەرانبەر ناسیونالیزمی کوردا بەهێز بکات. مەسەلەی یەکگرتوو بەهێزکردنی خۆیەتی لەکوردستان، نەك چون بۆلای هێزکانی دیکە لە بەغداو خۆ ئەگەر کارێکی واش ئەنجام بدات لە هاوپەیمانی دیسان مەبەستی فشار هێنانە بۆ ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتەکەی.

## گەندەڵیی یەکگرتوو !

بەلام یەکگرتوو بەدروشمی "دژی گەندەڵی" لە بەرانبەر یەکێتیو پارتی دابەزیوە، لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵی ئیسلامی وەك بالێکی ئیسلامی ژمارەیەك کورسی هەر لەپێشەوە مسۆگەر کردوە، کە ئەمەشیان بە قازانجی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان تەواو دەبێت، بونی کۆمەڵی ئیسلامی لە لیستی هاوپەیمانێتیدا وەزنەی ناسیونالیزمی کوردی بەرانبەر ئیسلامی سیاسی بە توندی هێناوەتە خوارەوەو هیچ ئیدعایەکی سیاسی جدی بۆ نەهێشتۆتەوە بەرانبەر بە یەکگرتوو. بەلام سەرەڕای ئەوانە یەکگرتوو بۆخۆی هێزێکە کە هەمیشە پێویستی بەوە هەیە کە برەو بە خورافەو جەهلو گەندەلی کۆمەلایەتی بدات لە ئاستێکی فراواندا، ئەمە هەویەتی یەکگرتویی ئیسلامیەیە. یەکگرتوو لە ماوەی 12ساڵی ڕابوردودا یەکێك لە گەندەلیەکانی کۆکردنەوەی مندالانی 6-7 سالان بوە لە مزگەوتو ماڵە نهێنیەکانیانداو وتنەوەی وانەی ئاینیو ترساندنو تۆقاندنیان بە ئاگرو گڕو شەیتانو لە کاتێکدا کە مندالان لە هەموو ئینسانێك زیاتر پێویستیان بە کەشو هەوایەکی تەندروستو ئارامو سالم هەیە لەباری روحیو سایکۆلوجیو هەروەها فەراهەمکردنی پێداویستیەکانیان وەك ئینسانیکی بچوك لە وەرزشو میوزیكو فلیمی کارتۆنی فیرکەرو ڕاهێنانیان لەسەر تەکنۆلۆجیای تازە بەپێی تەمەنیانو دور ڕاگرتنیان لە توندو تیژیو ترسو وەلامدانەوە بەنیازەکانی تریان وەکو پارکەکانی یاری مندالان لە گەرەکەکانو.... بەلام یەکگرتوو فیری مردنو ترسو شەیتانو ئاگریان دەکات، ئەم حزبە ئەگەر فرسەتی هەبێت نەوەیەکی ترسنۆكو شەرمۆك بەرهەم دەهێنێت کە جگە لە ئەشکەوتو بیابانو .. شی دیکە نازانن خۆ ئەگەر بەکارهێنەری تەنکنۆلۆجیای تازەش بن بە دوژمنی خۆیانو خەڵکی دەزانن و بەکاریدەهێنن لە پێناو فەناکردنی ئەوانی دیکەدا، ئەمە واقعیەتی ئیسلامی سیاسیەو یەکگرتوو هەرچەند بە پۆشاکی "ئەفەندی"یەوە خۆی نیشان بدات لەم چوارچێوەیە بەدەر نیە....

بەڵام منداڵی ترسنۆكو شەرمۆکی لای یەکگرتوو، کە دەبێتە تازە پێگەیشتوو یان لاوێك ئەگەر ژن بێت ئەوا حیجاب پۆشینو خۆبەکەم زانو زەعیفە بون، دەسەپێت بەقەدو بالایداو دەبێتە نەریتێکیو بەشێکی جیانەکراوە لە لەشی ئەگەر پیاو بێت ئەوا بەجیا لەوەی کە دەکرێتە زاڵمێك بەسەر خوشكو دایکیو ژنەوە لەهەمانکاتدا دەوەستێتەوە دژ بە هەموو پێشکەوتنخوازیو دیاردەیەکی شارستانی لەوانە وەستانەوەیانو

تێکەلاوبونی ژنو پیاو لە زانکۆکانو قوتابخانەکانو ئامادەییەکان. تەنانەت دەوەستنەوە دژ بە مافی فەردیو ئینسانی خۆیان لە ئازادی سەفەرەوە بگرە تاکو دەگاتە ئازادی پۆشینی جلو بەرگو بە پراتیك دەرهێنانی خۆشەویستی ئازادانەو ئەمە جگە لەوەی کە بەگشتی ژن لەم ڕوانگەوە بە نیوە ئینسان بە حساب دێت لە دادگاو لە ورەسەو... ئەم ویستو بەرنامەیەی یەکگرتوویی ئیسلامی بەوێنەی حزبیکی ئیسلامی سیاسی بەتەواوی دژ بە ئارەزوو هیواکانی لاوانەو لە هەمانکاتدا گەندەلیەکی کۆمەلایەتی فراوان دەخاتەوە...

وەك خالێکی تریش جێگای ئاماژە پێکردنە کە یەکگرتووی ئیسلامی بۆخۆی شەریکە بەشی ئەم گەندەلییەیە تا ئێستاو لە هەموو کابینە کاندا بەشداریکردوە، شەریکە بەشی "دز" بوەو لایەنی کەم شاهێدێك بوو لە نێویدا، بێدەنگی یەکگرتوو لە باری سیاسیو یاسایو کۆمەلایەتیو ئەخلاقیشەوە، دەیکاتە دزێکی تەواو عەیار، ئەگەر یەك فلسیشی پێنەڕابێت لە لوشدانی پارەو پولی خەلکی کوردستان... ئەم واقعیەتانە بەسە بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویی ئیسلامی وەك هێزیکی گەندەلی کۆمەلایەتی پێناسە بکەینو سیاسەتی چەواشەکارانەی ئەم هێزە نیشان بدەین لە مەڕ بەرزکردنەوەی دروشمی "دژی گەندەلی".

بۆیە بەبروای من نەك پێویستە خەلکی کوردستانو بەتایبەت لاوانی کوردستان بە دروشمی چەواشەکارانەو فریوکارانەی یەکگرتوو فریو نەخۆن بەلکو پێویستە بەتوندی دژی بوەستنەوە، بەتوندی لە بەرانبەریدا ڕابوەستن. ڕێگای گونجاو بۆ پێشگرتن بەم چەواشەکارییە، وە لە پێناو بەرگرتن بە فراوانبونەوەی دامێنی ئیسلامیزم لە کوردستانو دورخستنەوەی خەلکی کوردستان لە مەترسی ئەم هێزانە، یەکگرتوو بونو ڕیکخراوبونی خەلکی کوردستانە لە پێناو دابینکردنی مافە سیاسیو فەردییەکانیانو هەروەها کردنی خواستی جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتیکی عەلمانیو ناقەومی بەسەر لەوحەی نارەزایەتی خۆیان. چونکە تا ئیسلامی سیاسی لە ناوەراستو باشور هێزیکی هەبێت ئەوا ڕۆشنە کە دەبێتە هێزو پالپشتێك بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستان.